# مەولانا
# جەلالەدینی ڕۆمی
# ئەحواڵی عەشق
# و پلانەکانی

ساڵی یەکەم
ژمارە
2
ئەیلول
2016

ئەو پەیوەندییەی نێوان شەمسەدین و شاگردەکەی گورزێکی کوشندەی بەردەکەوێت، دوای ئەوەی شەمسەدین بە کوژاوی دۆزرایەوە. موریدەکانی مەولەوی ئاگری ئیرەیی خواردبوونی. ئەو موریدانە نەیاندەویست پەیوندی نێوان مامۆستاکەیان و شەمسەدین بەو شێوەیە بەهێزببێت، هەربۆیە هەستان بەلەناوبردنی شەمسەدین لە ڕوداوێکی تەمومژاوییدا ، بەمەش کۆتاییان بە ئەزمونێکی عیرفانی هێنا.

لەبەرئەوەش ئازار نیشتیمانی دیکە هەیە ڕوی تێبکات، ڕۆمی دەستیکرد بەنوسینی چوارینەکان، کە ئەزمونێکە بەسۆ و ئازاری لێدەچۆڕا و جۆرێك بوو لە نوسینەوەی خۆشویستنێکی سۆفیانە.

گوتاری سۆفیانەی ڕۆمی گوتارێکە دژ بە توندوتیژی و کینە، گوتارێکە کە جیهانێکی نوێ لەسەر بنەمای خۆشەویستی دادەمەزرێنێت ، خۆشەویستیش وشەیەکە لە وشەکانی خواوەند و نیعمەتێکە دەیبەخشێتەوە بەسەر مرۆڤەکاندا، تا ئیدی لەسەر شتێکی گوزەرئاسا یەکتری نەکوژن.

وتەکان و شیعر و ڕەوتی ژیانی جێگەیەکە، ئاوەز بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و ڕۆح هەڵپەی بۆ دەکات، سەیربیکەن کاتێك کە ئەڵێت «خۆشەویست کەعبەی ڕۆحە، ئەگەر ئێوە نازانن ئەوە باشتر وایە بڕۆن ونبن»

ئیبراهیم دەسوقی کە وەرگێڕی هەڵبژاردەیەك لە دیوانی شەمسیی تەبریزی» و کتێبی مەسنەوییە دەڵێت» یەکێك لە خەسڵەتەکانی جەلالەدین ڕۆمی ئەوەیە، کە ئەو زۆر دژی پارسایی و خەڵوەتکێشییە، ئەگەر وردتر بڵێین تەسەوفی ئەو جۆرێکە لە تەسەوفی ڕووبەڕووبونەوە و ململانێ. دەسوقی لە پێشەکی مەسنەوییەکەیدا ئەڵێت:»بەربڵاوی گیانی بەزەیی هاتنەوە بە مرۆڤەکان و تێگەیشتن لێیان، دەگەڕێتەوە بۆ جۆرەکانی لاوازییان»، هەورەها ئەڵێت » پاکدامێنی مانای نییە گەر لەخشتە بردن نەبێت، دور کەوتنەوەی لە سەرنجڕاکێشیەکانی ژیان مانای نامێنێت گەر ئەو شتانە بونیان نەبێت، بەم پێیە عیرفانە سۆفیگەرییەکەی کوڕی ژیان و بەدەرە لە ئەزمونەکانی.

عەشقی سۆفیانە سەروەری گشت جۆرەکانی دیکەی عەشقە و ئامانجە لە هەر ئەزمونێکی عاشقانەدا جا لە هەر کاتێکدا بێت. ئایا پێشتر شێخ محێدین کوڕی عەرەبی لە دیوانەکەی «تەرجومانی ئەشواق» ئەم بۆچونەی پشت ڕاست نەکردۆتەوە کاتێك خۆشەویستی و خۆشەویستی یەزدانیانە دەکاتە ئاینێکی سەربەخۆ کە تیایدا تەواوی پەیامە ئاسمانییەکان دەردەکەون.. شێخی گەورە مەولانا محێدین کوڕی عەرەبی دەڵێت :»من باوەڕم بە ئاینی خۆشەویستی هەیە، خۆشەویستی باوەڕی منە».

کاتێکیش کە دڵ هەموو شتێك وەردەگرێت و تەنها یەك ڕاستی ئەمێنێتەوە، ئەو ڕاستیەش ئەو شتەیە کە مەولانا جەلالەدین ڕۆمی لە دیوانی مەسنەویدا پێماندەڵێت کە ئەویش ئەوەیە«شوشەیەك هەیە کە پڕیەتی لە ئازار، ئەو شوشەیەش جەستەیە، ئەو شوشەیە لەسەر بەردێك بشکێنن و خۆتان ڕزگار بکەن». لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت «کاتێك کە دوژمن بوونی نییە، ئەوکاتە جیهادکردن مانای نامێنێت، ئەگەر شەهوەتیش نەبێت، شتێك نامێنێت بە ناوی پەیڕەویکردن لە ئاینێك». لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت «پشودرێژی نابێت ئەگەر مەیل بوونی نەبێت، کاتێکیش کە نەیار بوونی نییە، هیچ پێویست ناکات پەنابەریتە بەر فێڵ و تەڵەکە». لە ڕەتکردنەوەی ڕێبازەکانی دیکەی تەسەوف و دەروێشیگەری دا دەڵێت» ئاگات لە خۆت بێت و خۆت مەکەرە نەیار و خۆشت مەکەرە ڕەبەن، لەبەرئەوەی پاکدامێنی بەستراوەتەوە بە بو،نی شەهوەتەوە».

لە خشتەبردن پێویستە بۆ کەوتنەدوای چەمکی خۆشەویستی یەزدانیانە لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە عیرفانییەی، کە جەلالەدین ڕۆمی کۆکردەوە لەگەڵ شەمسەدین ئەلتەبریزی. کاریگەری ڕۆحی ئەم شاگردە لەسەر مامۆستا لە شیعرەکانی مەسنەویدا ڕەنگدەداتەوە، سەرباری وەستان لەسەر شێوازێك لە بەرگری کە دوچاری بیر دەبێتەوە، کە سنورەکان دەبڕێت وەك بیری سۆفیگەریانە لەلایەن کەسانێکی توندڕەو و ستەمکارەوە. لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانە ئەزمونێکی تەڵخ بوو لە پێشێلکردنی سنور و شکاندنی یاسا و پێشێلکردنی ڕێوڕەسمە چەقبەستوەکان.

